

# پووتەکان بۆ جوانیی لەشولار و پاراستنی قاچەکان

لە سـەروبەندی نزیکبوونەوەمان لە وەرزی سەرما، قاچ و دەسـتی ئافرەتان دوچاری قلێشـت و وشـكبوون دەبنەوە، ئەوانەش بە هۆكاری سەرماوە سەرهەڵدەدەن، بۆیە پێویستە خانمـان دەسـت و قاچیـان لـەو وەرزەدا بپارێـزن، تـا لـەو كێشـانەوە بە دوور بن، دەتوانن دەسـتەوانەیەك لە دەستەكان بكەن تا پێستی دەستەكان پارێزراو بن، بەڵام بۆ قاچەكان كاتێـك گۆرەوییەكی ئەسـتووریش لە پێ دەكەیت، كەچی فلێشـت و چرچ و لۆچ و وشـكبوون سەرهەڵدەدەن، كەوایە لێرە پێویسـتمان بە ڕێگە پاراستنێكی دیكە دەبێت، ئەویش بە لەپێیكردنی پووتەكان، پووت جگە لەوەی كەرەستەیەكە بۆ جوانیی لەشـولار، هەروەها قاچەكانیش دەپارێزێت. ئەو ڕەنگانـەی بـۆ ئـەو وەرزەی پاییز و زسـتان دبـۆ پووتەكان دانـراون بریتییـن لـە: ڕەش و قاوەیـی، ئـەو پۆلێنـەش لـە گۆڤـاری (ئێـس ویكلـی ) ئەمریكـی بڵاوكراوەتـەوە، كـە مۆدی داهاتوو بەم چەشنە دەبێ، بەڵام پسپۆڕان پێیانوایە تەنیا ئەو دوو ڕەنگە دیاریكراو نین، بەڵكو دەكرێت چەندین پووتـی دیكەی لە ڕەنگـی دیكەش هەڵبژێدرێن. هەریەكە لە مارەكەكانی (UGG، TEVA) جوانترین مۆدەكانیان لەو وەرزەدا بەرهەمهێناوە، كە هەم گەرم و نەرمن، هەروەها لە شێوەدا كورتە و چەند نەخشێكیش لەخۆ دەگرێت.





## بلووزەکان شیکترین جلوبەرگن بۆ کەش و هەوای سارد

كەشوهەوای ئەو ماوەیە جێگیر نییە، لە بەیانیان سارد و دواتر خۆش دەبێ، ئەوانەی دەوامی زانكۆ و فەرمییان هەیە، بەیانیان جلێك لەبەر دەكەن، كە كەشێكی ساردە و دواتر كەشوهەوا خۆشتر دەبێ، ئەو كاتە خانمان پێویستە جلێكیان داكەنن بەهۆی گەرماوە، بەمەش بەشێكی جلەكانیان زیاد دەبێ، ئەو هۆكارەیە وایكردووە كە ئافرەتان لە بەیانیان دوودڵ دەبن لە هەڵبژاردنی جلێك، بەهۆی گۆڕانی كەشوهەوا، باشترین چارەسەر بۆ ئەو ماوەیە پۆشینی بلووزەكانە، بلووز جگە لەوەی جلێكی فەرمی وشیكە هەروەها لە ساردیی كەشی بەیانیان دەتپارێزێت و بۆ كاتەكانی دیكەش گونجاوە، بەتایبەت ئەگەر بلووزێكەت لە خووری، یان پەموو بێت، بلووزی تەسك و فراوان هەیە، ئەوانەی حەز دەكەن كراسێك لە ژێر بلووزیان هەبێ، پێویستە بلووزی كراوە و فراوان لەبەر بكەن، بۆ ئەوانەی حەز بە پۆشینی تەنیا بلووزێك دەكەن، دەكرێت لەگەڵ بەدییەكی ژێر بلووزەكە شیك بكرێت. بلووز لەگەڵ پانتۆڵەكانی جینز و قوماش دەپۆشرێن، هەروەها لەگەڵ تەنوورەش دیمەنێكی فەرمی دەبەخشێ، لە بارەی ڕەنگی بلووزەكان لەو ماوەیەدا، چاكترە لە ڕەنگی زەق و كراوە بێت وەك: سوور، شین، نیللی، سپی، چونكە ڕەنگەكانی جلی زستانە زیاتر مات و ڕەنگی داخراون وەك: ڕەساسی، قاوەیی، ڕەش.

# ڕێگاکانی سەرکەوتنی پەیوەندی و مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر

هەموو کەسێك مەبەستیەتی لەگەڵ دەوروبەر و کەسی بەرامبەردا مامەڵەی باش و ڕەفتاری جوان بکات، بەتایبەت لە سەرەتای پەیوەندییەکانەوە دەیەوێت جوانترین دیمەن نیشان بدات، بەڵام هەندێ جار هەر لە سەرەتای ناسین و ژیانی هاوسەری و هاوڕێیەتیی کەسێکدا، تووشی چەندین کێشە و گرفت دەبنەوە. ڕەنگە چەندین هۆکار هەبن و زۆربەشیان شاراوە بن، پێگەی (bebeautiful) چەندین ڕێنمایی دەربارەی ڕێگرتن لە ناکۆکییەکانی سەرەتای هەر پەیوەندییەك لەگەڵ دەورەبەر یان کەسانی دیکە دەخاتەڕوو، بە هیوای سوودوەرگرتن:

لە سەرەتای ناسینی هەر کەسێکدا، ڕاستگۆ بە، شتێك مەڵێ کە وانەبێت، چونکە لەماوەی داهاتوو هەر شتێك ئاشکرا بێت، دەبێتە هۆی ناکۆکیتان، هەروەها نواندنیش مەکە تا دڵی کەسەکە لە خۆت ڕازی بکەی، بەڵکو وەك خودی خۆت مامەڵە بکە، وابکە کەسەکە سەرنجی تۆ بۆ خۆی ڕاکێشێت. لە سەرەتای هەر پەیوەندییەك داوای کات بکە و کاتیش دیاری بکە، ڕەنگە زۆر جار کاتت نەبێت بۆ ئەو کەسەی تەرخان بکەی، بۆیە لە سەرەتاوە بڵێ ژیانم وایە، با ئەویش لە تۆ تێبگات کە کەسێکی خاوەن ژیانی خۆتی و کارەکانت و کاتی تایبەت بە خۆت هەیە. کاتێك ژیانی تازە پێکدەهێنی، پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی دیکە و هاوڕێکانت مەبڕە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانیش بەردەوام بە. هێندە گرنگیش بەو کەسە مەدە کە هەست بکات لە سنووری خۆی زیاتر گرنگیت پێداوە، چونکە ڕەنگە هەست بە بەرزی بکات، هەروەها بیرکردنەوەی خۆتی پێ بڵێ کە چۆن لە ژیان دەڕوانیت و چۆن بیر دەکەیتەوە. هەوڵبدە لەگەڵ هەر کەسێکی تازەدا وەك هاوڕێ بە، شت لە یەکتر وەربگرن و لە یەکتر فێر ببن، نەوەك وەك کەسێکی ژێردەستە بیت، هەمیشە بیر لە بەرژوەندیی خۆت و کەسانی دیکە بکەوە، نەوەك تەنیا لایەنی خۆت بەلاوە گرنگ بێت.



## منداڵی بێ لووت



ئەو منداڵە زگماك و کەمئەندامانەی لە دایك دەبن، هەریەکەو حاڵەتێکی سەیریان هەیە، کە زیاتر لە دەست و قاچەکانەوەیە، بەڵام ئەو منداڵە حاڵەتێکی دیکەی سەیری تۆمار کرد کە بە بێ لووت لەدایکبووە. (ترۆی سیمسپۆن) لە دووگیانیدا هەمیشە نزای دەکرد لووتی منداڵەکەی لە لووتی خۆی نەچێ، چونکە خاوەن لووتێکی گەورە و زلە، دوای هاتنی وادەی منداڵبوونی دەچێتە نەخۆشخانە و منداڵەکەی دەبێت، خۆزگە دەخوازێت کە (ئیلی ) کوڕەکەی تەنیا لووتی هەبووایە، نەوەك تەنیا لووتی بە خۆی نەچێ، چیرۆکی ژیانی ئەو منداڵە بێ لووتەی، کە بۆتە حاڵەتێکی سەمەرە و ناوی (ئیلی سیمپسۆن)ە، لە نەخۆشخانەی باشووری باڵدوینی ئەمریکا لە دایك بووە و شوێنی لووتی داخراوە، لەو کاتەی منداڵەکە لە دایك دەبێ، هەر لە خۆیەوە بە دەمەوە هەناسە دەدات، هەر زوو چارەسەری هەناسەیان بۆ کرد، کە لە ڕێگەی دانانی بۆڕیەکی هەوا لە نێو دەمی بۆ سییەکانەوە، ئێستا ئەو منداڵە تەمەنی (٣) مانگ زیاترە و دایکی دەڵێ : سەرەتا نائومێد و خەمبار بووم کە بینیم منداڵەکەم لووتی نییە، بەڵام دواتر سوپاسگوزار بووم.



## دەسترەنگینـــــــــــ

دەستڕەنگینیی کورد لە دروستکردن و چنینی فەرش و بەرماڵدا شتێکی دیارە و لە کۆنەوە ئەو بەهرەیە گەلاڵە بووەو تا ئێستاش گرنگی و جوانیی ئەو فەرشانە بوونەتە جێی سەرنجی خەڵکی بیانی. سەمیر ئیبراهیم، ماوەی (٢٠) ساڵە خاوەن شوێنێکی فرۆشتنی فەرش و کەلوپەلی کوردەوارییە، دەبارەی فەرش دەڵێ: ئێستا گرنگی زۆر بە فەرشی کوردی دەدرێت، کە بە دەست دەچێنرێت و لە تەون دەدرێت، زیاتر لە کەرەستەی خۆماڵین بەبێ زیادکردنی کەرەستەی دیکەی دەستکرد، فەرشی کوردی زیاتر لە خوری و

## خانووێک لە شیکۆڵاتە



هەوادارانی شیکۆڵاتە زیاتر ئافرەتانن، کە هەمیشە حەز بە گەردوونێك شیکۆڵاتە دەکەن، بەم دواییە یەکێك لە خەونەکانیان هاتۆتەدی بە دروستکردنی خانووێکی تەواو لە شیکۆڵاتە، ئەو کارەش لەلایەن هەویرکار و شیرینی (جاك لۆن دیکۆلز) ئەنجام دراوە، خانووەکە بەناوی شۆکلێت کوتاج لە شیکۆڵاتە دروست کراوە، بڕی ئەو شیکۆڵاتەیەی لەو خانووەدا تەرخان کراوە، بریتییە لە یەک و نیو تەن شیکۆڵاتە، ئەوەی سەیرە تەواوی خانووەکە لە شیکۆڵاتەیە، تەنانەت سەقف و زەوی و دیوار و کەرەستەکانیش، هەمووانیش بۆ خواردنن، جاك لۆن دەڵێ: ئەگەر شەوێك کەسێکی نەوسنی حەز بە شیکۆڵاتە لەو خانووەدا بێت، بێگومان تا بەیانی نیوەی نۆش دەکات، هەروەها دەڵێ: مانەوە لەو نێو ئەو خانووەدا بە (٥٠٠) یۆرۆیە، هەروەها دەتوانی بە دڵی خۆت شیکۆڵاتە بخۆیت، خەونێکە لە خانووێکی شیکۆڵاتەدا چاو دابخەیت و بکەیتەوە.









## ـــــی کورد لە دروستکردن و چنینی فەرشدا


پەمــوو و پــەڕۆ دروســت دەکــران، جوانیــی فەرشــی خۆمــان لەوەدایــە کــە نەخــش و شــێوازی تایبــەت بــە کــوردی تێدایــە، لەوانــە، وێنــەی دەشــت و دەر و چیــا و شــاخەکان، هەنــدێ جــار باڵنــدە و گیاندارانیــش بوونەتــە نەخشــی ســەرەکیی فەرشــەکان، لــە ئێســتادا گرنگــی بــە فەرشــی بچــووك دەدرێــت، کــە لەلایــەن گەشــتیاران و کەســانی بیانــی دەکڕدرێــن، ئــەو فەرشــانەش زیاتــر (١ بــە ٢ مەتــر و ٢ بــە ٢)مەتــرن، خەڵکــی بیانــی زیاتــر ســەرنج لــە نەخشــەکانی نێــو فەرشــەکان دەدەن، کــە ئــەوەش بەهــرە و لێهاتوویــی و دەســترەنگینیی خانمــان و پیاوانــی کــوردە کــە ئــەو فەرشــە ناســك و نایابانــە دروســت دەکــەن. ســەمیر دەڵــێ: ئــەو فەرشــانەی ئێمــە گرنگــی پێنادەیــن و فەرامۆشــمان کــردووە، ئێســتا بوونەتــە جێــی ســەرنجی خەڵکــی بیانــی و میوانــان. نرخــی فــەرش لــە (٥٠) هــەزار دەســتپێدەکات تــا (٥) وەرەقــە دەچێــت، هەندێکــی دیکــەش هــەن کــە بــە قەیســەر و هەرەکــە ناســراون باوتریــن فەرشــی کوردیــن کــە داواکاری زۆری لەســەرە، هەروەهــا جۆرەکانــی دیکــەی وەك: دزەیــی و هەرکــی و خەیلانــی و ســورچی جوانتریــن نموونەکانــی فەرشــی کوردیــن. هەنــدێ فەرشــی دیکــەش هــەن کــە بیانــی و خۆماڵیــن، لــە ئاوریشــم دروســتکراون و نرخیــان تــا (٥) دەفتــەر دۆلار دەڕوات.



## بەلەمی ڕوون لە پلاستیک و شووشە

بەلەم و کەشتییەکانی پێشوو زیاتر لە دار دروست دەکران، چونکە تاکە ماددەیە سەر ئاو دەکەوێ، بەڵام کاتێك بەلەمت لە دار بێت، ناتوانیت ژێرەوەی بەلەمەکە ببینیت، یان سەیرێکی ناو ئاوەکە بکەیت، دواجار کۆمپانیای (کلەیر بلو هاوای)، کە لە شاری سیاتلی ئەمریکایە، هەڵساوە بە دروست کردنی جۆرە بەلەمێکی ڕوون و لە پلاستیك و شووشە، ئەو بەلەمە ڕوونە و دەتوانی بە سانایی ناو ئاوەکەی ژێر بەلەمەکە ببینیت، ئەو کارە جگە لەوەی بۆ خۆشییە هەروەها هۆکارێکی یارمەتیدەرە تا ئەوانەی ئەو بەلەمە لێدەخوڕن خۆیان لە دار و بەردی نێو ئاو نەدەن. ئەو جۆرە بەلەمە بە (کایاك) ناسراوە، کاتێك لە نێو ئەو بەلەمەدا دەبیت، دەتوانیت بە ڕێژەی (٧٥٪)ی ئاوەکە ببینیت، نرخی ئەو جۆرە بەلەمە (٢٦٨) دۆلارە، پرۆژەی داهاتوویان ئەوەیە کە زۆربەی کەشتییەکانیش لەو جۆرە ڕوونە دروست بکەن.






## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە باس لە دوو لایەن دەکات، کە هەندێ کەس هەن قسەی ناڕاست دەکەن، ئەوەی لە مێشکیانە لەسەر زمانیان نییە، دیوەێکی دیکەی مانای ئەو کاریکاتێرە ئەوەیە کەسانێك هەن ڕاستییەکان بە ناڕاست دەزانن و نکۆڵیشی لێدەکەن.




پیاوێك بە ژنەکەی دەڵێ: ئەگەر ڕۆژێك من شێت بووم چی دەکەیت؟ ئەویش دەڵێ: هیچ ناکەم، بەڵام کە شێت بووی بیر لە ژنی دووەم ناکەیتەوە؟ ئەویش دەڵێ: ئافرەت چی بڵێم، شێت هەر چی بکات، لێی ناگیرێت!

# زۆرترین زەماوەند و ئاهەنگیان سازکردووە



پێکهێنانی هاوسەری لە ڕۆژێکدایە و زەماوەندێکی خنجیلانەی بۆ دەکرێت، کەچی ئەو پیاو و ئافرەتە ئەمریکییە، ئەوەندە حەز بە زەماوەند و هاوسەرگیری دەکەن، تا ئێستا زۆرترین ژمارەی هاوسەرگیرییان کردووە، (شیتا بلاتیەد و ڕەیان ودیارد)، ئەو دوو هاوڵاتییە ئەمریکییەن، کە تا ئێستا زۆرترین هاوسەرگیریان ئەنجام داوە، تا ئێستاش بەردەوامن، هەر هاوسەرگیرییەکیان لە وڵاتێك ئەنجام داوە، تا ئێستا بۆ (٣٨) جار زماوەند و هاوسەرگیریان کردووە، نیازیشیان وایە هەموو وڵاتانی جیهان بکەن و لە هەر وڵاتێك هاوسەرگیرییەك و زەماوەندێك بکەن، ناوی ئەو دووانە لە کتێبی پێوانەیی گینس تۆمار کراوە، کە کارێکیان لە دونیای هاوسەرگیریدا کردووە، نموونەی نییە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

پێویست ناکات زۆر خۆت ماندوو بکەیت، تا کارەکانت بە سەرکەوتن بگەن، چونکە هەنگاوی بێ پلان و بیرکردنەوە ئەگەرچی ماندووبوونیشی زۆر بێ، سەرناکەوێ، کەسێکی زیرەکی و دەتوانی چارەسەری کێشەکان بکەیت، گرنگی بە ژیانی خۆت بدە و ئەوەندەش نیگەرانی کەسانی دیکە مەبە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کە بڕیاری وازهێنانت لەسەر هەنگاوێك دا، دووبارە هەوڵی بۆ مەدەوە، بەڵکو بە دوای جێگرەوەیەکی دیکەی هاوشێوەی هەنگاوی پێشووت بگەڕە، ئەو گرفتانەی ئێستات لەگەڵ ئەو کەسەدا لەم کاتە چارەسەر نابێت، ماوەیەك فەرامۆشی بکە و دواتر چارەسەریان بکە، چونکە ئەو کەسە لێت وەرناگرێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بە هەڵە لە کەسانی دیکە مەڕوانە، لە خۆتەوە بڕیاریان لەسەر مەدە تا ئەوکاتەی شارەزایان دەبیت و لە نزیکەوە ئاشنایان دەبیت، هەڵکردنت جێگەی قبووڵە، بەڵام دووبارە هەڵەکردن، دەبێتە مایەی کێشە بۆت، کاتێك هەستت بۆ کەسێك دەبێ، پێویست ناکات ڕاستەوخۆی پێی بڵێت، وای لێ بکە هەستت پێ بکات.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بیرکردنەوەت لە کارکردندا لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت جیاوازن، ئەوەش وادەکات کە ڕاوبۆچوونەکانت لەگەڵ دەوروبەر نەگونجێن، بۆیە دەبێ بەرژەوەندیی خۆت بەلاوە بنێیت و لەکاتی ئەرکەکاندا هاوشێوەی کەسانی دیکە بە، بڕیارێکی سەرکەوتووت بۆ ژیانی تایبەتی خۆت داوە، یارمەتی کەسانی دیکە بدە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کاتێك ڕووبەڕووی کێشەیەك دەبیتەوە، شپرزە مەبە و دامەنیشە خەمی لێ بخۆیت، پێویستە بە دوای چارەسەری گرفتەکە بگەڕێیت و بتوانی بە سەریدا زاڵ بیت، هاوسۆزیت لەگەڵ ئەو کەسە خۆشەویستەتدا، کامەرانیت پێ دەبەخشێت و ئاسوودەی، کارێك مەکە ببێتە گرفت و کێشە بۆ کەسانی دیکە دروست مەکە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

خۆت بێدەنگ مەکە بەرامبەر ئەو کەسانەی دژایەتیت دەکەن، بەڵکو ڕووبەڕوویان ببەوە و ڕێگرییان لێ بکە، کەسایەتیت سەرکەوتووە لە مامەڵەکردنت لەگەڵ کەسانی نزیکت، هاوخەمیی تۆ لەگەڵ کەسێکی نزیکتدا نیشانەی دەروونپاکیی تۆیە، بڕیاری کارێکت لە پێشە و بە جوانی بیری لێ بکەوە.

# بۆ زانياريت


## سەرچاوەی مانگ

مانگ تا رادەيەك گۆيەكی ئاسمانی سەيرەو بارستييەكەی (٨٠/١) زەوييە هەر بۆيە زۆر گەورەترە لەوەی سەتەلايتێكی هەسارەيی (planetary satellite) بێت. ئەگەرەكان بۆ سەرەچاوەی مانگ: هەر لەو شوێنەی خۆيدا بە كۆبوونەی هەسارۆكە وردەكان فۆرمی گرتووە، هەر ئەو هەسارانە زەوييان دروستكردووە، لەوانەيە ئەمە راست نەبێت، چونكە پێكهاتەكەی جياوازە لە زەويدا. لەشوێنێكی ديكەی كۆمەڵەی خۆر فۆرمی گرتووە، كە چڕييەكەی (٣.٥) لە دواييدا هەندێك شتيشی لە دەرەوەی كۆمەڵەی خۆر وەرگرتووە، ژمارەی (٣.٥) پێمان دەڵێت، دەبێت لە نزيكی مەريخ ئەم مەيينە رووی دابێت، ئەی ئەگەر ئەمە راست بێت، چۆن مانگ هاتووەتە ئەم شوێنە؟ مادە وردەكانی دەوروبەری زەوی بە هۆی هێزی كێشكردنی زەوييەوە ديسكێكيان دروست كردووە، لە كۆتاييدا بوو بە مانگ كە ئەوە گريمانەيەكی باشە بۆ دروستبوونی مانگی بچووك، بەڵام بۆ مانگی گەورە ناكرێت راست بێت، چونكە تەوژم بە گۆشەكەی (angular momentum) زۆر گەورە دەبێت. جيابوونەوە لە منتاڵی زەويی چڕی ميناڵی زەويی نزيكەی ٣.٥)ە. گريمانەی بەركەوتنی زەبەلاح، كە لەوەدا تەنێك بە قەبارەی مەريخ دەكەوێت لە زەويی سەرەتايی و ديسكێكی قورسی بارستاييدار بەدەوری زەويدا دروست دەكات، كە لە كۆتاييدا دەبێت بەم مانگەی ئێستا لە بۆشايی ئاسمانە.



## پەند و وتە

پيێر ئيسحاق ئيسدۆری مێندێز فرانس، لە دايكبووی ساڵی (١٩٠٧)ی وڵاتی فەڕەنسايە، بە ڕەچەڵەك پورتوگاڵييە، لە ساڵی (١٩٨٢) كۆچی دوايی كردووە، دەربارەی دايك و دايكايەتی دەڵێ: كاتێك ئافرەتێك دايكە و بە كەسێكی بێكار ناودەبردرێت، گەورەترين هەڵەيە، دايكايەتی خۆی لە خۆيدا گەورەترين كار و شەڕەفمەندييە بۆ ئافرەت.



## ياريی وێنە

لەم وێنەيەدا، دوو ديمەن دروست دەبێت، يەكێكيان كۆمەڵە كەسێكن كە كاردەكەن، وێنەی دووەم روخساری كەسێكە، هەوڵبدە وێنەكان لە يەكتر جيا بكەيتەوە و هەردوو ديمەنەكە بەرچاوت بكەوێت.



## پوختەی فيلم

**بۆهماين رافسودی -** Bohemian Rhapsody

فيلمێكی دراما و بيۆگرافييە، باس لە شاژنێك دەكات بۆ يادێكی خۆی، كە تيپێكی ميوزيكی بە خۆيەوە هەيە، يەكێك لە سەركردەی تيپە ميوزيك و گۆرانيبێژەكە ناوی (فرێدی ماركۆری)يە، كە لە رێگەی يادەكانی شاژنەوە دەبێتە يەكێك لە ناوبانگترين تيپی ميوزيك، دوای سەرهەڵدانی چەند كێشەيەك كە دەبێتە هۆی لێكترازانی تيپی ميوزيەكەكە و شاژن، بەمەش نێوانيان تێكدەچێ، دواتر فرێدی تووشی نەخۆشيی ئايدز دەبێت و كۆتايی بە كارەكانی فرێدی دێت، تا دواتر شاژن دەتوانێت تيپێكی ديكەی لەم چەشنە دروست بكاتەوە، ماوەی فيلمەكە (٢) كاتژمێر و (١٣) خولەكە، لە وڵاتی بەريتانيا وێنەی گيراوە، لە دەرهێنانی (براين سينەر)ە، بودجەی فيلمەكە (٢٤٠) مليۆن دۆلارە، لە نواندنی (رامی ماليك، بێن هاردی، ميك مايرز)ە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

پەلەكردن لە هەر هەنگاوێكدا، ئەنجامەكەی بە دڵت نابێ، شارەزابوونت لە دەوروبەر پێويستە و دەبێ لە رازيان تێبگەيت، بڕيارێكی وا مەدە كە پاشان پەشيمانت بكاتەوە، پێشبينی هەندێ كێشە بكە لەم ماوەيەدا، هەستی كەسانی ديكە مەشكێنە و دڵنيايان بكەوە كە چاكە و خۆشيی ئەوانت مەبەستە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

دوورەپەرێزيت لەگەڵ كەسانی خێزانەكەت سوودی نابێ بۆت، پەلە بكە لە هەنگاوەكانت بۆ ئەو كەسەی لە دڵتە، ئەم كاتە گونجاو نييە تا كارەكانت بدەيتە دەست كەسانی ديكە، نيگەران مەبە لە كارەكانت، رەشبين مەبە بۆ داهاتووی ژيانت، ماوەيەكی ديكە ئەنجامی كارێكی پێشووت پێ دەگات و پێی دڵخۆش دەبێ.

### شايان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

كەسێكی نزيكت تا ئەو كاتەی بەرژەوەندی لەگەڵت هەبوو، هەموو كاتێكی بۆت تەرخان دەكرد، كەچی دواتر فەرامۆشی كردی. دڵنيابە لەو كارەی ئەنجامی دەدەيت كە سەركەوتنی بە دواوە دێ، ئاواتێكی چەند ساڵەت لە دڵە و لەم كاتەكەدا جێبەجێ نابێت و پێويستە بۆ ماوەيەكی ديكە بيری لێ بكەيتەوە.

### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەر هەنگاوێكت جێگەی شانازی و كارامەييە بۆت، بەتايبەت هەر كارێك كە بۆ ئەو كەسە خۆشەويستەی ژيانت جێبەجێی دەكەيت، يارمەتی كەسانی ديكە بدە، چونكە لە داهاتوودا بەرهەمەكەی وەردەگريتەوە، پەلە مەكە بۆ گەيشتن بە كۆتايی هەر هەنگاوێكت، چونكە ماوە و كاتی پێويستە، دوودڵ مەبە.

### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەست بە دڵتەنگی و نامۆيی دەكەيت، ئەوەش كاتييە و لە چەند رۆژێكی ديكەدا خۆشييەكی گەورە بەرەو رووت دێ، ناكرێت كەسێكی گرنگی خۆت فەرامۆش بكەيت، پێويستە چارەسەری كێشەكانتان بكەن، دڵی كەسێك مەشكێنە كە تۆی لەلا گرنگە، كارێكی تايبەتت هەيە و هەوڵی زياتری بۆ بدە.

### گيسك ١٢/٢٢ - ١/١٩

كاريگەريی كەسانی ديكەت بەسەرەوە ديارە، وا هەست دەكەيت بيرۆكەی جوانت هەن، كەچی كارەكانت بەرەو ئەو ئەنجامانە ناگەن كە خۆت مەبەستتە، دووبارە هەوڵيان بۆ بدەوە و ئەمجارەيان سەرەتا بيريان لێ بكەوە و پاشان هەوڵبدە. لە هەست و دڵەوە كەسێكت مەبەستە و وابكە كەسی بەرامبەريشت هەستی پێی بكات.